کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
18-7-2007 16:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خوشکە بچکۆلەکەم ... گەشاوە جاف



تۆ نازداری ئەی کیژۆڵە جوانەکەی باخچەی بەهار
تۆ ئازیزی ئەی ئازیزتر لە جەرگی دایکی هەژار
تۆ سومبولی خوای جوانی ئەی ڤینۆسی سەر زەوی ئەنجا ئاسمان
تۆ گەوهەری ئەی بە نرخترین گەوهەری دنیایی
کە یەزدان بەخشی بە خێزانی ئێمە بۆ هەتاهەتایی
تۆ پەپوولەی باخی بەهەشتی بێ کۆتایی
تۆ و تۆ و تۆ........
ووشەم شەرمەزارە لە ڕووتا خۆی بنوێنێ
ووشەم سەری سوورماوە لەوەی چۆن بە جوانی بتدوێنێ
تۆ ناسکی زۆر ناسکتر لە پەڕەی گوڵی باخی سوور
تۆ وەك جرای ڕۆشن ئەکەی گشت ڕێگەکان بە نوور

لەندەن ٢٠٠٧

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.